وەهمی دنیای ئارام و ئازاد،
راستی سیناریۆ رەشەکان!

ابراهیم حسین
24.11.2004
ibrahimhwssain@hotmailcom

کۆمەلگای عێـــــــــــــــراق بە پێچەوانەی ئەوەی کەلایەنگیرانی شەرومیلیتاریزم ئییدیعایان دەکرد نەك هەر لە هیچ راددەیەکی ئازادی و ئاســــــــــــــــوودەی نزیك نە بۆتەوە بەلکو ئەمرۆ ئەو کۆمەلگایە لە هەر سەردەمێکی تر زیاتر دوچاری داماوی و بێ دەرەتانیەکی سەراپاگیری سیاسی و کۆمەلایـــــــــەتی و نا ئارامیەکی بێ ئەو پەر بۆتەوە.دەسەلاتی بەعـــــس مۆدێلێك و وێرژەنێك لەدەسەلات و ئیستیبدادی بـــــــــــۆرژوایی بوو کە لە بناغەوە دوژمنی ئازادی و خۆشبەختی جەماوەری خەلك بوو؛بۆ ماوەی 3 دەهە مەئموورییەتی راگرتنی عێراقی وەك یەکێك لە بازارەکانی کاری هەرزان و کرێـــــــــکاری خامۆش و جەزیرەیەکی ئارام بۆ سەرمایە گوزاری بە قـــــیمەتی زەوت کردنی بەلگە نەویســـــــــترین و سەرەتاییترین ماف و ئازادیە کانی جەماوەری خەلك و بە رێخستنی رەشترین وخوێناویترین شێوازەکانی سەرکوت و داپلۆســـــــــین بە رێوە برد. مۆدێلی بەعسیەکان ئەو مۆدێلە بوو کە فاکتەری ترس تۆقاندن و زال کردنی کەش و هەوای مەرگ و ئیـــــــــــــعدام و شکەنجەی گۆری بوو بە شێوازێك بۆ بێ بەش کردنی خەلك لە هەر جۆرە ئیمکانێك بۆ دەست هەبوون لە چارەنووسی ســـــــــیاسی و کۆمەلایەتی خۆیان دا .ئەمە ئەو لایەنە لە جازییەی دەســـــەلاتی بەعسیەکان و رژێمی بەعس بوو کە ئەوانی کردبوو بە دۆستانی ئازیزی دیموکراسیـــــەکانی رۆژئاوا و ئەمریـــــــــــــکا.کەسانێك کە لە رێگای کودەتاوو کوشتن وتسفیە ی موخالیفان و چەپی کۆمەلـــــــــــــگا و سە رکوت کردنی بزووتنەوە و جموجۆل ونارەزایەتیە جەماوەریەکانی ئەو سەردەمەو یەکلا کردنەوەی کێشەی دەسەلاتی سیاسی و دەولەت؛ توانی بوویان خەیالی بورژوازی ئەمریـــــــــــــکاو رۆژئاوا ئاســـــــــــوودە بکەن؛بۆ نزیکەی سێ دە هە دۆست و هاوکاری ئەوان و جێگەی پشتیوانی ئەوان بوو.هاوکات لەگەل هەلوەشانەوە و داروخانی رۆژهەلـــــــات و کۆتایی پێ هاتنی ئەوهاوکێشەسیاسی وسەربـــــازی وئایدیۆلۆژیانەی کە دنیای ئەو سەردەمەو کێشمەکانی کۆنترۆل کردبوو؛ پێویستی رێکخستنەوەی دنیا بوو بە یەکێك لە مەسەلە سەرەکیەکانی دەستەی دەسەلاتداری بورژوازی ئەمـــــــــــریکا.

ئیتر لە پر خولقێنەران و یاریدەدەرانی دیکتاتۆریە رەش و خوێناویەکان لە دنیای ئەمرۆ؛یەکەمین بە کارهێنەرانی چەکی بە کۆمەل کوژ لە مێژوودا ؛ئەوانەی کە ئیـــــسلامی سیاسی هاری سەردەمی ئێستایان پەربال پێ دا و بە ریان دایە گیانی بەشەریەتی کۆمەلگای هاوچەرخ؛ لە ژێر ناوی ناوی رزگاری خەلك لە دیکتاتۆریەت و چەکی بە کۆمەل کوژ و تیرۆریزم ؛دەستیان کرد کرد بە وەرێخستنی میلیـــــتاریزم و گەورەترین لە شکرکێشی سەربازی و هەزاران تەن بۆمب و ئاگرو ئاسنیان لە ئاسمانەوە بە سەر کۆمەلگا؛ بە سەر شوێنی کار و ژیانی خەلکی سیویل و مەدەنی دا باراند و گیانی هەزاران ئینسانی بێ دیفاعیان لە کورەی ئەو جەنگەدا کردە قوربانی؛گەمارۆی ئابووریان بەسەر کۆمە لگا و جەماوەری خەلك دا سەپاندکە قوربانیە کانی لە مـــــــنال و پیرو لاو کەمتر نە بوو لە موشەکە ئاراستەککراوە کا ن و بۆمبارانی کوێرانە.ئەم رەوەندە رەش و تاریکە بە رووداوی 11 سپـــــتەمبەر گوریکی تازەی بە خۆیەوە بینی و ئامانج و بەرژەوەندەکۆنە کان پێچرانە پێچرانە ئەو بە هانە تا زەیە وە کە تیرۆریزم و شە قاوەچێتی ئیسلامی بە خولقاندنی تاوانی 11 سپتەمبەر خستبوویە بەردەستی دەستەی راست رەو و دەسەلاتداری ئەمریکا .ئەوەی میدیای نان بە نرخی رۆژ خۆر و نۆکەر ویستی بە سەر ویژدانی کۆمەلگای مرۆ ڤـــــــایەتی دا بسەپێنێ ئەوەبووکەگوایە میلیتاریزم و ملهوری دەستەی دسەلاتداری ئەمریکا بۆ جلە و کردنی دیکتاتۆرەکان و شەقاوە چێتی و تیرۆریزمی ئیـــــــــــــسلامیە.راستیە کان و سیناریۆیەکی رەش و تاریك کە بالی بە سەر گۆشە بە گۆشە ی ژیان و چارە نووسی کۆمە لگاو جەماوەری خەلکی عێـــــــــراق دا کێشا ؛ تەپ و تۆزی پروپاگەندە چەواشە کارانەکانی لەمەڕ کۆتایی پێ هێنانی تیرۆریزم و ئازادی و ئاسوودەیی رەواندەوە.ئیتر ئەفسانەی دنیای ئارام و ئاسوودە و رزگار بوو لە دیکتاتۆرەکان و رژێمە خوێناویەکان ؛رزگار بوو لە تاعونی ئیسلامی سیاسی هارو ئینسان کوژ لە سایە ی ملهوری و میلیتاریزمی رەسمی و دەولەتی دا بوو بە بلقی سەر ئاو.ئاگر و دوکەل و وێرانکاری رۆژانە و کوشتارو پەلامارە بەرامبەرەکانی سووپای ئەمریکا و بانده ئیسلامی و قەومیە کان؛دیمەنی تە قاندنەوەو بۆمب نانەوەکا ن کە لە هە ر گۆشـــــەو سووچێك دا گیانی خەلك دەکاتە قوربانی ؛سەربرینی گۆشاو گۆشی تەبەعەی ولاتانی تر لە رێگای خواو دین و شەرعی ئیسلامی؛ لە لایەك و لە لایەکی تر دەسە لاتی کۆمە لێك هێز و تاقمی قەو می و دینی کە بە هەمان ئەندازەی

موقتەدا و زەرقاوییە کان دژی ئـــــازادی و دژی خۆشی و بەختەوەری ؛دژی مەدەنیەت و مۆدێرنیزمن وتەنیا جیاوازیان ئەوەیە کە لە کەنار ئەمریکاوە دەیانەوێ دەسەلاتی قەومی و دیـــــنی خۆیان بەسەر کۆمەلگا دا بسەپێنن ؛ئەو بە هەشتە مەو عودە بوو کە بە دیاریان هێنا بۆ ئەوکۆمەلگایە . ئیتر ئەمە ئێستا بۆتە راستیەکی بەلگە نەویست کە ئەم دەورەیە بۆ ملیۆنان کەس لە جەماوەری خەلك چ لە عێراق و چ لە گۆشەو کەنارەکانی دنیابە یەکێك لە رەشترین هەل و مەرج وسسیناریۆ رەش و مێژووییە کانی ژیان لە قەلەم دەدرێ. بەلام لە بەرامبەر هەل ومەرج و سیناریۆیەکی رەش کە ئۆردوەکانی تیرۆریزمی بورژوایی دەیـــــــــانەوێ ئایندەو ژیان و چارەنووسی کۆمەلگا و جەماوەری خەلکی پێ مۆر بکەن؛ هێزێکی تر ؛ بەشەریەتی بێزار و نارازی واتە ئەو دێوە خەو توە لە ئارادایە کە مەنسسور حیکمەت پێش بینی هاتنە مەیدانی کرد لە بەرامبەر شەری تیرۆریستان.ئەوە راستە کە ئەو بزووتنەوەیە ئالایەکی سیاسی روون ودیاری کراوی نیە لە مەیدانی کێشمەکێشە چارەنووس سازەکانی دنیا ی ئەمرۆ دا؛بەلام بزووتنەوەی جەماوەرێکی نارازی و ئازادیخوازە کە نایەوێ رویوایەتی بۆش و بلێرو سەدرو زەرقاوی و عەلاویەکان لە مەر چارەنووسی ژیان و گورەرانی خۆی قبوول بکا؛نایەوێ ئەوە قبول بکا کە دنیا دەکرێ مەیدانی گوشتارو تیرۆرێك بێ کە بۆش و بلـــــــــــــیرەکان بەرێیا نخستووە؛نا یەوێ ببینێ کە کۆمەلێك ئۆباشی ئینسان کوژی ئیـــــــــــــــسلامی و قەومی ؛نەك هەر کوچەو کۆلان بەلکو میدیا و تەلەفیزیۆنەکانیشان کردووە بە مەیدانی نیشان دانی سەربرینی گۆشا و گۆشی خەلکانی زەلیل و داماو لە رێگای خوا دا دامەزراندنی عدلی ئیسلامی و دەسەلاتی رەشی ئیـــــــسلامی وەك ئەوەی کە هەموان دەیبینین.هاتنە مەیدانی چەندین میلیۆن کە س لە جەماوەری خەلك لە چوارگۆشەی دنیا لە دژی شەری ئەمریکا ئەو راستیەی نیـــــــــشانداکە سەرەرای هەر هەو لێکی میدیا ی نۆکەر و نان بە نرخی رۆژ خۆر؛بۆ ئەوەی راستیەکانی پشـــــــــتی ئەم شەرەی تیرۆریستان لە تەپ و تۆزی ئیددعا پوچەکانی قارمانانی ئۆردوی تیرۆریزمی دەولەتی وتیرۆریزمی ئیسلامی و قەومیەوە وون بکا ؛دنیا و بەشـــــەریەتی هاوچەرخ نەك هەر ئەم چارەنووسە ی قبـــــــــوول نەکردووە بەلکو بۆ بەرگری کردن لە خۆی هاتۆتە مەیدان.هەرچۆنێك بێ عێـــــــــــراق وچارەنووسی خەلکەکەی نمونەیەکە لەو راستیەی کە ئارامی و ئاسوودەی وخولیای شیرینی شیرینی دەست راگەیشتن بە ئازادی وکۆمەلگایەکی ئازاد؛لە ژێر سایەی میلیتاریزم و سیناریۆ ی شەرو کوشتاری بەردەوامی شەقـــــــاوەکانی تیرۆریزمی دنیای ئەمرۆدا ئەفسانە و خەیالێکی منالانە یە.ئازاد ی و ئاسوودەیی تەنیا و تەنیا دەتوانێ بەرهەمی خەبات و هاتنە مەیدانی نارەزایەتی بەشەریەتی هاوچەرخ بێ لە بەرامبەر ئەم نوێنەرانەی شەرو کوشتار و سیناریۆ تاریکەکانیان و بۆ بە دەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی و ئاراستە کردنی دنیا بە ئاقـــــــاری خواست و ویست و چاوەروانیەکانی خۆی.کۆمۆنیزمی کرێکاری رەگەو دەماریکی زیندووی نیو ئەم بزووتنەوەیەیە.